

# پێداچوونەوەیەکی دیکە

## بە چیرۆکی (پێداچوونەوەی چیرۆکێکی کۆن)ی (کاروان عومەر کاکەسوور)دا



ئاراس وەهاب

(کاروان عومەر کاکەسوور) لە چیرۆکی (پێداچوونەوەی چیرۆکێکی کۆن)دا هەردوو جەمسەری کۆچکردن و گەڕانەوە دەکاتە یەک. ئەگەر کۆچ ئاڕاستەیەکە بەرەو زۆنە نەزانراوەکان، ئەوە گەڕانەوەش ئاڕاستەیەکی دیکەیە بەرەو زێدێک، کە لەناو سیستەمێکی زەمەنیدا شێواوە، یاخود هەر نەماوە. ئەو دوو ئاڕاستەیە هەرچەند بە ڕواڵەت پێچەوانە دەردەکەون، بەڵام ئەوەی لە ئەنجامی ئەو بەراوردەدا دەستگیر دەبێت،

## ئەگەر کۆچ ئاڕاستەیەکە بەرەو زۆنە نەزانراوەکان، ئەوە گەڕانەوەش ئاڕاستەیەکی دیکەیە بەرەو زێدێك، کە لەناو سیستەمێکی زەمەنیدا شێواوە، یاخود هەر نەماوە

ئاڕاستەی سێیەمە، کە دەتوانین ناوی بنێین (کۆچ/ گەڕانەوە). ئەو ئاڕاستەیە کۆی چیرۆکەکە بەرەو فانتازیایەکی گەورە هەڵدەگرێت.
(ساماڵ) یاخود وەکو خۆی پێی خۆشە بە (ساسە) بانگی بکەین، کچێکی تەمەن پەنجا ساڵانە، دوای بیست و پێنج ساڵی ئاوارەیی لە ئەورووپا، لە ناوەڕاستی هاویندا بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە. دوو ساڵی ڕەبەق دەخرێتە زیندانەوە. دوای ئازادکردنی، بە هەر شێوەیەک بێت دەگاتەوە هەولێر:
(پەنجەکانت لە دەسکی چەرمینی جانتاکەت هەڵکێشا... سووک سووک لەسەر ئەو شەقامەدا بە دوای خۆتدا ڕاکێشا.... قیرەکە لەژێر تیشکی ڕۆژی زۆر گەرمی چلەی هاویندا تواوەتەوە).
لێرەوە (ساسە) ئەو چیرۆکەی خۆی بیر دەکەوێتەوە، کە سی و دوو ساڵ لەوەوپێش، واتە لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا نووسیویەتی. ئەگەر (کاروان کاکەسوور) چیرۆکی ژیانی (ساسە)مان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەوە (ساسە)یش چیرۆکی ژیانی کارەکتەرەکەی خۆیمان بیر دەهێنێتەوە. ئەو دوو چیرۆکە ئەوەندە بە ناو یەکدا تێکچڕژاون، ئەگەر خوێنەر زۆر ئاگادار نەبێت، تێکەڵی یەکتریان دەکات. بەمەش لەناو ڕووداوەکاندا ون دەبێت و هیچیان لێ تێناگات.
کارەکتەری چیرۆکەکەی (ساسە) لە سەری ساڵی (١٩٧٠) دەگاتە هەولێر. گەراژەکە بەفر داپۆشیوە. ئەمە ئەو جیاوازییەیە، کە لەنێوان گەیشتنی (ساسە) و کارەکتەری چیرۆکەکەیدا هەیە. خۆی لە چلەی هاوین لە گەراژە نوێیەکە دادەبەزێت، کە تایەکانی جانتاکەی لە قیرەکە دەچنە خوارێ، بەڵام کارەکتەری چیرۆکەکەی سی و دوو ساڵ پێشتر لە گەراژە کۆنەکە دابەزیوە و (بەفری چلەی زستانی ئەم شارە دێرینە وردە وردە قژی و پاڵتۆ ڕەشەکەی وەکو سەرجەم شتەکانی ئەو دەوروبەرە دادەپۆشێت).
بەڵام کارەکتەری چیرۆکەکەی (ساسە) کێیە و بۆچی هاتووەتە هەولێر؟ وەڵامی ئەو دوو پرسیارە لەناو کۆمەڵێک تەمومژدا شاردراونەتەوە. سەرەتا ئەوەی ئێمە لەو کارەکتەرەی دەزانین ئەوەیە، کە ئەو ژنێکی گەڕیدەیە و لە هیچ شوێنێک خۆی ناگرێت:
(لە گەراژدا دەیتوانی تەواوی شار بێنێتە بەرچاوی.... ڕووبەر و چڕیی دانیشتوانی.... تۆپۆگرافیا و ئاووهەوای.... مۆدێلی جلوبەرگ و شێوازی ڕێکخستنی ناوماڵ.... زەمەنێکی دووردرێژی دەخوێندەوە.... پێشبینیی ڕووداوەکانی دەکرد.... هەربۆیە زۆر جار سواری ئۆتۆمۆبیلێکی تر دەبوو و دەگەڕایەوە، یاخود بەرەو شارێکی دیکە دەچوو).
دوای ئەوە نووسەر زانیارییەکی هەندێک لەوانە گرنگترمان بۆ دەردەخات. لێرەوە ئێمە دەزانین ئەو کچە لە نەوەی ئەو کوردانەیە، کە ساڵی ١١٧٣ لەگەڵ لەشکرەکەی (سەلاحەدینی ئەیوبی) گەیشتوونەتە میسر. ئەوانە هەتا ئەمڕۆیش لە هەر شەش کەسیان یەکێکیان تووشی حاڵەتی شێتبوون دێت. باوکی، کە (سەلاحەدین ئەیوبی)ی ناوە، دیارە بە ناوی (سەلاحەدین ئەیوبی) کراوەتەوە، لە سینەما دەترسێت، بۆیە وا دەزانێت سینەما بەردەوام بە دواوەیەوە و ڕاوی دەنێت. هەتا دواجار دیار نامێنیت. هەندێک دەڵێن خۆی خستووەتە ناو ڕووباری نیلەوە و هەندێک دەڵێن سەری خۆی بۆ



شوێنێکی نەزانراو هەڵگرتووە.

لێرە چیرۆکەکەی (ساسە) بەرەو جۆرێک لە ڕوونبوونەوە دەچێت، بەوەی بارگاوی دەبێت بە حاڵەتێکی سایکۆلۆژییەوە، ئەویش گەڕانە بە دوای باوکدا. ئەوە ئەگەر زانیمان پێوەندیی ئەو کچە بە دایکییەوە پێوەندییەکی دژایەتییە. لێرە (کاروان کاکەسوور) زۆر هۆشیارانە کێشەیەکی لەنێوان دایک و کچدا دروست کردووە، ئەویش کێشەی ڕەشبینی و گەشبینییە. بە پشتبەشتن بە لێکدانەوەکانی (فرۆید)، دەبینین ڕەشبینیی کچەکە بەندە بە لەدەستچوونی باوک، لە کاتێکدا گەشبینیی دایک لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە کۆنترۆڵی پیاوی بەسەرەوە نەماوە. هەمان کێشە لای (ساسە) خۆیەوە هەست پێ دەکەین، کە دواتر ئاماژەی پێ دەدەین.

(ساسە) لە گەراژە نوێیەکە بەرەو گەراژە کۆنەکە دەکەوێتە ڕێ و بنی پێیەکانیشی ئازاریان هەیە و دەخورێن. ئەمەش لە ئەنجامی ئەو ئەشکەنجەیەوە تووشی هاتووە، کە لە زیندان بە خۆیەوە بینیوە. ئازاری سایکۆلۆژییش تێکەڵی ئازاری جەستە دەبێت. ئەوە ئەگەر زانیمان لە لایەن یەک دوانێک لە بەندییەوانەکانەوە لاقە (violate) کراوە. نووسەر لێرە و لە کۆی چیرۆکەکەیدا فێڵێکی سەیری لە خوێنەر کردووە. وەکو (توانا ئەمین) دەڵێ ئەگەر خوێنەر زۆر وریا نەبێت، ناتوانێت هەست بەوە بکات، کە (ساسە) لە زینداندا دەستدرێژیی سێکسیی کراوەتە سەر. چیرۆکنووس لەسەر شێوازی (کافکا) هۆی زیندانیکردنی (ساسە)مان بۆ ئاشکرا ناکات، بەڵکو ئەویش وەکو (کافکا) ئەو ڕووداوە بۆ ناو واقیعی دەرەوەی تێکستەکە دەگەڕێنێتەوە. وەک بڵێی بیەوێت پێمان بڵێت زیندان ئەوەندەی (کات)ە ئەوەندە (شوێن) نییە، بۆیە وەسفەکانی زیندان جۆرێکە لە پاساوهێنانەوە بۆ بوونی زیندان.

لە گەراژێکەوە بۆ گەراژێکی تر، ئەمە کاتی زیندووی ناو چیرۆکەکەیە. ئەو کاتەیە، کە کراوەتە بنکەیەکی پتەو بۆ گێڕانەوەی هەموو کاتە بەسەرچووەکانی تەمەن لە ڕێگەی یادەوەرییەکی بەهێزەوە، کە پشتبەستە بە کۆمەڵێ تەکنیکی نوێ. هەر ئەو جووڵەیە لە گەراژە نوێیەکەوە بۆ گەراژە کۆنەکە هەمان پرۆسەی گەڕانەوەی خەیاڵەکانی (ساسە)یە بۆ ڕۆژگارە بەسەرچووەکان، بەڵام بە لاکەی دیکەدا هێمایەکە بۆ نامۆبوونی ئەو مرۆڤە تەنیایە لە زێدی خۆیدا. تازە لە گەراژێک دابەزیوە و پەلەیەتی بگاتە گەراژەکەی دیکەیان، گوایە دەیەوێت لەوێ کارەکتەری چیرۆکەکەی ببینێت، کە سی و دوو ساڵ لەمەوبەر، واتە لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا نووسیویەتی. باوەڕیشی وایە هەتا ئێستاش ناو گەراژەکە بەفر داپۆشیوە و بەردەوام بەفری تریشی لێ دەبارێت.

وەکو لە پێشەوە گوتمان ئێمە لەناو چوارچێوەی یەک تێکستدا دوو چیرۆکی سەرەکی و کۆمەڵێکی لۆکاڵییش دەخوێنینەوە و زیاتر لە گێڕەوەرێکیشمان هەیە. ڕاناوی یەکەمی تاک و دووەمی تاک و سێیەمی تاک هەر یەکەیان لە ئاستی خۆیانەوە ئاکتیڤ کراون و هەندێک جاریش تێکەڵییەک لەنێوان هەرسێکیاندا هەست پێ دەکەین. ئێمە بۆ شرۆڤەکردنی ئەم چیرۆکە، وامان بە لاوە چاکە، کە پێوەندیی (ساسە) بە هەر یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانەوە بە جیا بخوێنینەوە و دواتریش

باس لەوە دەکەین، کە زەمەن چ کاریگەرییەکی بەسەر بیرکردنەوەی ئەو کارەکتەرەدا جێ هێشتووە.

## (ساسە) و کارەکتەری چیرۆکەکەی:

دەتوانین بڵێین (ساسە) و کارەکتەری چیرۆکەکەی لە زۆربەی شتەکان لە یەکتر دەچن. لە گەمەیەکی زەمەنیدا چیرۆکنووس هەردووکیان دەکاتە تەواوکەری یەکتر. (ساسە) لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا ئەو ژنە پەنجا ساڵییەی هێناوەتە بوون و لە گەراژە کۆنەکەی هەولێر دایبەزاندووە. ئەمە هەر ئەو تەمەنەیە، کە ئێستا خۆی پێی گەیشتووە و لە گەراژە نوێیەکە دابەزیوە.

(ویستی بیگۆڕێت.... تەمەنی تا ئاستی تەمەنی خۆی بچووک بکاتەوە.... هەژدە ساڵ... خێرا پەشیمان بووەوە... لە گەراژدا تەمەن مەسەلەیەک نییە... زەحمەتە بزانی کات خێرا یان سست تێدەپەڕێت... ڕەنگە هەر تێنەپەڕێت).

لەم حەوت دێڕەدا، کە درێژتریان لە حەوت وشە پێک دێت، کۆمەڵێک مانا دەدۆزینەوە. دەکرێت لانی کەم لە دوو ئاستەوە بۆ مەسەلەی کات بڕوانین. لە ئاستی یەکەمدا ڕەشبینییەکی قووڵ دەبینین. کچێک تەمەنی هەژدە ساڵیی نەبڕیوە و گیانی خۆی لە ژنێکی سەرووی پەنجا ساڵیدا بەرجەستە دەکات. پاساویشی بۆ ئەو تەماهییە ئەوەیە مادام گەراژ و سەفەر و جانتا دەسەڵاتی ڕەهایان بەسەر کەسەکاندا هەیە، ئەوە کات هەموو ماناکانی خۆی لە دەست دەدات. ئەوەی دەگۆڕێت کات نییە، بەڵکو شوێنە. ئەوەی گۆڕاوە تەنها دروستکردنی گەراژێکی دیکەیە لە شوێنێکی تردا. ڕاستییەکەی دروستکردنی ئەو گەراژە نوێیە لە هەولێر، ڕووداوێکی فاکتواڵە و لە ناوەڕاستی هەشتاکان دامەزراوە، (کاروان کاکەسوور)یش سوودی لەو ڕووداوە ڕاستەقینەیە بینیوە. ئێمە دوایی زیاتر لە پێوەندیی (ساسە) و زەمەن دەکۆڵینەوە. ئەو ڕەشبینییەی (ساسە) ئەنجامی ئەو ژینگەیەیە، کە تێیدا لەدایک بووە. دەکرێت بڵێین لە باوکییەوە بۆی ماوەتەوە، کە دواتر دەگەڕێینەوە سەری. لە ئاستی دووەمدا پێشبینییەک هەست پێ دەکەین، کاتێک دەبینین لە هەمان تەمەندا بە جانتایەکەوە دەگەڕێتەوە. خەمی (ساسە) زۆر لە هی کارەکتەری چیرۆکەکەی قورسترە، چونکە ئەگەرچی بۆ ئەو شارە گەڕاوەتەوە، کە تێیدا لەدایک بووە و تێیدا گەورە بووە، بەڵام وەکو ئەوە وایە خۆی لەسەر ئەستێرەیەکی نەناسراودا بینیبێتەوە. ئەمە ئەو شتە بوو، کە کارەکتەرەکەی لێی دەترسا و نەیدەویست وەکو چیرۆک لە خەیاڵی (ساسە)دا بگاتە کۆتایی:

(بۆچی دەتەوێت تەواوم بکەیت..؟ خۆت تۆ خۆت لە هەموو کەسێ چاکتر دەزانی من لە ترسی کۆتاییەکانە، بوومەتە گەڕیدەی شاران).

چۆن (کاروان کاکەسوور)ی چیرۆکنووس ئەو دوو چیرۆکە لە یەکتر جیا دەکاتەوە؟ بە دانانی وێنەیەکی گشتی. بە دروستکردنی کۆمەڵێک وێنەی نیوتراڵ، کە نازانین مەبەستی لە (ساسە)یە یان لە کارەکتەری چیرۆکەکەی (ساسە). لێرەدا ناویان ناهێنێت، بەڵکو تەنها ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک بەکار دەهێنێت:

(هەردوو تاکی دەرگای دۆڵابە ساجەکەی دەخستە سەر پشت... ئەوە قاتە ڕەشەکەیەتی... کراسی سپیی لەژێرەوە پۆشیوە... بۆینباغی سووری هەناریی لەسەر بەستووە... پێڵاوە جەرگییەکانی



دەدرەوشێنەوە... تۆ بڵێی بەڕووتی ماڵی جێ هێشتبێت..؟! چ کۆتاییەکی سەیری بۆ ژیانی داناوە..!!).

تەنها بە دوو ڕستەکەی دوایی دەزانین مەبەست لە کارەکتەری چیرۆکەکەی (ساسە)یە. دەبێ لێرە ئاماژەیەکی خێرایش بەوە بدەین، کە (کاروان کاکەسوور) لەم چیرۆکە و لە کۆی بەرهەمەکانی دیکەشیدا، کاتێک بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە، زۆر کەم کرداری ڕابردوو بەکار دەهێنێت، بەڵکو زۆربەی ڕووداوەکان لە شێوەی ئێستادا دەگێڕێتەوە. ئەم شێوازە بە تایبەت بۆ ئەم چیرۆکە زۆر گونجاوە، چونکە مەبەستییەتی بڵێت لە گەراژدا ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو هەر یەکێکن. یان دەکرێت بڵێین گەراژ لەسەر ئاستی سیمبۆڵدا زەمەنە.

سەرنج لە وێنەیەکی دیکەی نیوتراڵ دەدەین:

(بۆینباغەکەی لە بێچووی تیمساح دەچێت... چەند گیاندارێکی سەیرە..!!) لێرەوە باسی تیمساح دەکات، کە چۆن سەری لە هێلکە دەجووقێت و چەند بەخێرایی گەورە دەبێت. (دەتوانێت سەری کەری کێوی بخاتە نێوان شەویلگە تیژەکانی و لە چاوترووکانێکدا ئەو لاشە زلەی بهاڕێت)......

(ئەوان بەڕەوە دەهاتن... بە ڕیز قاچەکانی پێشەوەیان دەخستە تەنکاییەکەوە... زمانی سووریان لە ئاوەکە دەدا... شڵپە شڵپێکی سەیریان لێ هەڵدەستاند... ئینجا لەپڕ و تێکڕا ڕادەپەڕین... چەند مەترێک بەرزدەبوونەوە... لەگەڵیا ئاڕاستەی خۆیان دەگۆڕی... لە هەوادا وەردەچەرخان...... دوای چاوترووکانێک هێمنییەکی چاوەڕواننەکراو وشکایی و ناو ئاوی دادەپۆشی... ڕووبەرێک لەو قەراغە بە خوێن سوور هەڵدەگەڕا... دوای تاوێ وردە وردە کاڵ دەبووەوە).

دەبینین هەر یەک لەو دێڕانە کۆمەڵێ ئیندیکێیتی جیاوازیان لە خۆیان گرتووە. ئەوە ستایلی ئەو چیرۆکنووسەیە. شتە گرنگەکان لە پەنا هەندێک بەسەرهاتدا دەشارێتەوە، کە بە ڕواڵەت هیچ مانایەکیان نییە. لێکچواندنی بۆینباغی باوک بە تیمساح، ئیندیکێیتێکی سێکسییانەیە. دواتریش هەر ئەو کلکی تیمساحە دەبێتە تەنافی جلهەڵخستن و (ساسە) لە خەونیدا بەڕووتی جلە شۆراوەکانی خۆی و باوکی لەسەر هەڵدەخات. بۆ تەواوکردنی ئەو وێنەیەش باس لە خێرا گەورەبوونی تیمساح دەکات. لە لایەکی دیکەش فێڵێکە بۆ گواستنەوەی جەمسەری گێڕانەوەکە بۆ لای (ساسە) خۆیەوە. (تا ڕۆژ زیاتر بەرەو ناوەڕاستی ئاسمان هەڵدەکشێت، زیاتر ڕەنگە سوورەکەی دەردەکەوێت... سەرەتای یەکێ لە چیرۆکەکانت ئاوا دەست پێ کردووە).

**(ساسە) و (دڵشاد):**

(دڵشاد) پوورزای (ساسە)یە و هەر لە منداڵییەوە ئەوان بەخێویان کردووە. واتە خوشکەزای دایکی (ساسە)یە. دایک و باوکی لە سێدارە دراون. ئایا چیرۆکنووس چ ڕێگەیەکی بۆ ئەم مەبەستە گرتووەتە بەر، هەتا وەکو چیرۆکە تەقلیدییەکان باس لە ڕووداوی سیاسی نەکات و ڕاستەوخۆ زانیارییەکانمان پێ نەگەیەنێت؟

هەر لە منداڵییەوە پێوەندییەکی سێکسییانە لەنێوان ئەو دووانەدا هەبووە، کە لای خۆشیان نیوەی شاراوە بووە و نیوەی ئاشکرا. یەکەمین جار ناوی (دڵشاد) لەو شوێنەوە دەبیستین، کە (ساسە) بە هۆی پێڵاوە پاژنەبەرزەکانییەوە، کە لە

سەردەمی هەرزەکاریدا لە پێی کردووە، ئەو تانکە پلاستیکانەی ئەوی بیر دەکەوێتەوە، کە باوکی لە بەغدا بۆی هێنابوو. ئەو تانکە پلاستیکانەش تەنها شتی منداڵیین، کە (دڵشاد) بە گەورەیی لای خۆی هێشتووینەتەوە و یارییان پێ دەکات. ئەو تانکانە لە سەردەمی هەرزەکارییاندا ئەم دیالۆگەیان لێ دێتە کایەوە:

__ هەتیوە شێتە تۆ دەتەوێ من تووڕە بکەیت.

__ وا مەڵێ... من خۆم حەزم لێیانە.

__ تۆ گەورە بوویت..!!

__ ئا، بەڵام وەکو ئەوسای منداڵی یارییان پێ ناکەم، ساسە.

__ مەمخەڵەتێنە... چەند جاریشم پێ وتووی چیتر پێم مەڵێ ساسە... لەمەودوا بە ساماڵ بانگم نەکەیت، وەڵامت نادەمەوە.

__ بێنە دەستت بگرە بەم لوولەیەوە.

__وا مەکە..!! بەریدە..!! ووویییی..!! نا تووخوا..!! چ فێڵێکی ترم لێ دەکەیت ئەمجارە..؟!

__پەنجەکانت نەجووڵێنیت ساسە... ئێستا قورمیشی دەکەم... بزانە هەست بە چی دەکەیت..؟!

__شەیتان..!! خۆزگە دەمزانی ئەمانە لە کوێ دەدۆزیتەوە..!!

__نایزانی..؟!

__هەستە..!! بەسە دەی..!! چیت کرد..؟! چەند جارم پێ وتی با جێگای دانت دەرنەکەوێت... وازم لێ بێنە ئاقڵ گیان... بچۆ بە لای یارییەکەتەوە.)

هەر لێرە چیرۆکنووس ئەو خەیاڵە دەبەستێتەوە بە فاکتی ئێستاوە. لێکچواندنێک لەنێوان جێگای ددانەکانی (دڵشاد) لەسەر جەستەی (ساسە) و شوێنی تایەی جانتاکەی (ساسە) لەسەر جادەکەدا دەخولقێنێت، کە لەبەر تینی گەرما لە قیرە تواوەکە دەچنە خوارێ و ناتوانێت بە دوای خۆیدا ڕایکێشێت. بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە، کە لەسەر خەیاڵەکانی بەردەوام نابێت. لێرە چیرۆکنووس گەمەیەکی هونەریی سەرنجڕاکێش لە تێکەڵکردنی شتەکاندا دەکات. چۆن؟ (ساسە) ناتوانێت جانتاکەی ڕاکێشێت، بۆیە لە باوەشی دەکات:

(وەکو منداڵ دەیکەیتە باوەشتەوە... بەبێ ویست دەیگوشیت بە خۆتەوە..... ئەویش توندتر دەتگوشێت..).

ئەوە جانتاکە نییە (ساسە) دەگوشێت، بەڵکو (دڵشاد)ە. واتە نەک هەر جانتاکە و (دڵشاد) دەبنە یەک، بەڵکو ڕابردووش دەبێتە ئێستا. ڕستەکان ئاوا بەردەوام دەبن:

(ئینجا دەستەکانی لە کەمەرتەوە بەرەو لای سمتت دەجووڵێنێت... یەک دوو نوقرچ لەملا و لەولای گوپە خڕەکانی دەگرێت... ئازارت دەدات، بەڵام ناتوانیت ئاخ و ئۆف هەڵکێشیت... هەر دەنگێک، بەرز یان نزم لە دەمتەوە دەربچێت، ئەوا لە ئان و ساتدا دەخزێتە ناو هەناسە شپرزەکانی ئەوەوە... واتە لەناو دەمیدا کپ دەبێت... یان بۆ شێوەیەکی دی دەگۆڕێت... زیاتر چێژ لە ئازاردانت دەبینێت... لێوی لە لێوت دەترازێت، بەڵام ئێستا ناتەوێ بقیژێنیت..).

ئەمانە بەردەوامن و دەگەنە ئەوەی (دڵشاد) بە دەستە بەهێزەکانی پووزە ڕووتەکانی (ساسە) جووت دەکات و دەیەوێت بۆ ئاسمان هەڵیبڕێت. (ساسە) دەیەوێت هاوار بکات: (کورە دامگرە هەتیو... خەریکە باڵەکانی ئەو پانکەیە سەرم دەپەڕێنن). بەڵام خێرا فریای زەمانی دەکەوێت.



(ساسە) نایەوێ (دڵشاد) دایکوباوکی بیر بکەوێتەوە، کە لە سێدارە دراون.
هێشتا چیرۆکنووس بە ئێمەی نەگوتووە ئەوان لە سێدارە دراون. ناوی کەسیشی نەهێناوە. دەبێ خۆمان بزانین ئەوە (دڵشاد)ە و کاتی خۆی ئاوای لەگەڵ (ساسە)دا کردووە، نەک جانتاکە. هەر دوای ئەوە دەڵێت:
(بەوە نییە گەیشتۆتە قۆناغی ناوەندی و خۆی وەکو گەنجێکی بێباک دەنوێنێت... ئێستاش هەر کاتێ بیریان لێ دەکاتەوە، وێنەی منداڵ لچ هەڵدەهێنێتەوە... هەندێ جار دەچێتە ژوورەوە، گوایە کتێبەکانی دەخوێنێتەوە، بەڵام تۆ چاک دەزانی لەپەنایانەوە دەگری و فرمێسک هەڵدەڕێژێت... جا پێویست ناکات باسی پانکەکە بکەیت و بڵێیت وا باڵەکانی سەرت دەپەڕێنن... هەندێ خۆت دانەوێنە و بەئەسپایی ڕوومەتت بخەرە سەر شانی، با قژت دەموچاوی داپۆشێت).
پێوەندیی (ساسە) و (دڵشاد) بە زۆر شێوەی جیاواز جیاوازدا تێپەڕیوە. لە منداڵی و هەرزەکاری (ساسە) هەر لە هەوڵی ئەوەدایە دڵی (دڵشاد) ڕازی بکات، بەڵام ئەو پێوەندییە لە قۆناغی گەورەییدا بەرەو ناخۆشی دەچێت و بەردەوام شەڕ بە یەکتر دەفرۆشن. ئەوەی ئەو پێوەندییەش تێک دەدات، جیاوازیی ئایدیاکانە. چاکترە بڵێین جیاوازیی نێوان ئەدەب و ئایدۆلۆجیایە. (دڵشاد) ڕوو لە کاری سیاسی دەکات و (ساسە) بە ئەدەبەوە خەریکە. دەتوانین بڵێین (ساسە) دەیەوێت باوکی لە (دڵشاد)دا بخوڵقێنێت، بەڵام هەموو هەوڵەکانی بە فیڕۆ دەچن.
لە کاتێکدا دایکوباوکی لەودیو وەکو ئەوەی پێی ڕاهاتوون لەسەر تەختی نووستنەکەیان دوای دنیایەک ماچ و دەستبازی لێیان دەبێتە شەڕ، (ساسە)ی هەرزەکار گوێی بۆ هەموو جووڵە و چرپەیەکیان هەڵخستووە، دەشزانێ وا (دڵشاد)یش وەکو ئەو بەخەبەرە، بەڵام داخ ئەوەیە هیچ حیسابێکی بۆ ناکات. (ساسە) بەمە زۆر تووڕە دەبێت. دوایی کە هەردووکیان لە زانکۆی بەغدا وەردەگیرێن، پێوەندییەکەیان بە بنبەست دەگات. (دڵشاد) ناچێتە ماڵی قوتابییان، بەڵکو لای (سەنیە خان)ی پووری (خوشکی باوکی) پێ چاکترە، چونکە کوڕێکی چەپە و هەموو تەمەنی خۆی بۆ خوێندنەوەی کتێبی مارکسی تەرخان دەکات. دەبێتە کەسێکی مشەخۆر و گۆشەگیر. (سەنیە خان)ی پووری بە قژبڕین و دەموچاوهەڵگرتن پارە پەیدا دەکات و ئەویش بە کتێب و خواردنەوەی دەدات. (دڵشاد) پێچەوانەی (ساسە) باوەڕی بە خوێنندنەوەی ئەدەب نییە، بەتایبەتی ئەدەبی تەمومژاوی. قوتابیان ناویان لە (دڵشاد) ناوە فیلمی کامێرای فۆتۆگراف، چونکە وەکو فیلمی کامێرای فۆتۆگراف، هەر ڕووناکی ببینێت، دەسووتێت.

### (**ساسە**) و (**دکتۆر یاسمین ئاکرەیی**):

(دکتۆر یاسمین ئاکرەیی) ئەگەرچی ڕووبەرێکی گەورە لە تێکستەکە داگیر ناکات، بەڵام بە یەکێک لە کارەکتەرە هەرە گرنگەکانی ئەو چیرۆکە دادەنرێت. ئەو کچە، کە ئێستا لە تەمەنی پەنجا ساڵیدایە و بەتەنها لە ماڵێکدا دەژی، هاوڕێی ڕۆژگاری زانکۆی (ساسە)یە: (لە کتێبخانە ناسیت... حەزی لە خوێندنەوە دەکرد... لەبارەی ئەدەبی کوردی و

جیهانییەوە گفتوگۆتان دادەمەزراند... نەتدەزانی چۆن فریای خوێندنەوەی ئەو هەموو کتێبە دەکەوێت... پێت دەوت: من هەرگیز باوەڕ ناکەم تۆ ببیت بە دکتۆر).

ئینجا هەر بە ڕاستییش نابێتە دکتۆر، چونکە لە حەفتاکان دەگیرێت و ئەشکەنجەیەکی زۆری دەدەن. کاتێکیش ئازاد دەکرێت، توانای خوێندنی نامێنێت، بەڵام (ساسە) تاقە کەسێکە بە دکتۆر بانگی دەکات. بوونی (دکتۆر یاسمین ئاکرەیی) لەوەدا یارمەتیمان دەدات، ئێمە تێبگەین، کە (ساسە) لە زیندان ئەشکەنجەیەکی زۆر دراوە. (ساسە) لە ئەوروپاوە پێوەندیی بە «دکتۆر یاسمین ئاکرەیی»ەوە هەر ماوە، بۆیە لە گەڕانەوەی خۆی ئاگادار دەکاتەوە. ئەویش لەوێ چاوەڕێی دەکات، بەڵام (ساسە) جارێ ناگات:

(کە تەواو درەنگ داهات و هەر نەگەیشتی، کەوتمە پرسین لەم و لەو... ژنێکی تەمەنی خۆمان دوو کوڕی گەنجی لەگەڵدا بوو، پێی وتم تا لای ئەو فەرمانبەرەی ناوەکانی لە فایلدا دەنووسی، پێکەوە بووین... لەوێ ناردیان بە شوێن پیاوێکی ژووری سەرەوە و لەگەڵ خۆی بردی... ئینجا نازانم دوای ئەوە ئاخۆ....).

(ساسە) دوای دوو ساڵ لە زیندان، بەر دەبێت و دەگاتە لای (دکتۆر یاسمین ئاکرەیی) و ماوەیەک لای ئەو دەمێنێتەوە، چونکە بێجگە لەوەی دەستەخۆشکیەتی، دەتوانێت برینەکانیشی دەرمان بکات:

(من ئەگەر هەنووکە دەزانم چارەسەری تۆ بکەم، وەکو خۆت دەیزانی لەو سێ ساڵەی کۆلیژ فێری نەبووم، بەڵکو هی ئەوەیە یانزدە مانگ بەو دەردە تلاومەتەوە).

ئەو بەیەکگەیشتنەی (ساسە) و (دکتۆر یاسمین ئاکرەیی) ڕێگەیەکی دیکەیە لەو ڕێگەیانەی، کە دەیانەوێت چەمکی مێژوو لەو تێکستەدا زەق بکەنەوە، چونکە لێرەوە ڕووداوەکانی ساڵانی حەفتا، بەتایبەتی لەناو زانکۆی بەغدا دێنەوە گۆڕێ و دەمانخەنە بەردەمی بەراوردکردنی ئەو دوو سەردەمەوە، کە هەست بە گۆڕانکارییەکی زۆر ناکەین لە مەسەلەی ئازادییەکانی تاک و ئازادیی بیروڕا دەربڕیندا. خوڵقاندنی (دکتۆر یاسمین ئاکرەیی) وەکو کارەکتەرێک لە لایەن چیرۆکنووسەوە، زۆر وردبینیی پێوە دیارە، چونکە کارەکتەرێکی فرەڕەهەندە و سەنتەری کۆمەڵێک ڕووداوی گرنگی تێکستەکەیە. بەمەش پێوەندییەکەی بە (ساسە) وە بەهێزتر دەبێت. وەکو گوتمان ئێمە لە ڕێگەی (دکتۆر یاسمین ئاکرەیی)ەوە دەزانین (ساسە) لە زیندان ئەشکەنجەیەکی زۆر دراوە، بەمەیش چیرۆکەکە لە دەربڕینی ڕاستەوخۆ ڕزگاری دەبێت. مەبەست ئەوەیە (دکتۆر یاسمین ئاکرەیی) وەکو دکتۆرێک دەیەوێت باس لە ئازارەکانی (ساسە) بکات و گوتەکانیشی لە سنووری ئیشەکەی خۆیدایە، نەک بۆ دەربڕینی کۆمەڵێک قسەی لە شێوەی هوتاف، کە هەتا ئێستایش لە چیرۆکی کوردیدا باوی ماوە. لێرەوە ئێمە لە جەستەی (ساسە) دەگەیەن، کە ئەشکەنجە دراوە و پاشماوەکانی ئەو ئەشکەنجەیەش کاریگەریی خۆی هەیە:

(دکتۆر یاسمین ئاکرەیی ئەگەرچی لە زووەوە دەیزانی تۆ ڕقت لەوەیە تیشکی خۆر ڕاستەوخۆ لە گیانت بدات، کەچی کورسییەکەی تۆی لە بەرهەتاوی ناو حەوشە دادەنا و خۆی لە سێبەرەکە

ئەدەبی گێڕانەوە بەرهەمی دنیای نیگەرانییە، ئەو دنیایەی مرۆڤ جارێک لە خۆی، جارێک لە سرووشت و جارێک لەوانی تر دادەبڕێت و تووشی گەورەترین نامۆیی دەکات



دادەنیشت... بە دەنگێکی تێکشکاو، ئەو دەنگەی لەوەتەی ناسیوتە لێی جیا نابێتەوە، پێی دەوتی: قاچەکانت درێژ بکە و بیانخەرە بەر ئەم هەتاوە، با بنی پێکانت هەندێک گەرما هەڵمژن).

هەر ئەو گوتانەیشن، کە دوایی لە هەولێر یارمەتیمان دەدەن ئێمە بزانین (ساسە) لە زیندان دەستدرێژیی سێکسییشی کراوەتە سەر. لە کۆی تێکستەکەدا چیرۆکنووس ڕووناکی دەخاتە سەر پێوەندیی نێوان بنی پێیەکانی (ساسە) و شەقامە گەرمەکەی بەسەریدا هەنگاو دەنێت، بۆ ئەوەی خوێنەر کەم کەم بیر لەوە بکاتەوە، کە جەستەی ئەو لە کێشەیەکی گەورەدایە. گەرما و سەرما ئەگەرچی دژی یەکترن، بەڵام هەردووکیان پێکەوە لە خەیاڵی (ساسە)دا دەردەکەون. گەرما لە دۆخی ئێستا و سەرما لە دۆخی ڕابردوودا. سەیر نییە ئەگەر لە کۆی چیرۆکەکەدا ئاووهەوا یان هەتاوێکی سووتێنەرە یان سەرمایەکی کوشندەیە. بیریشمان نەچێت، کە کارەکتەری چیرۆکەکەی (ساسە) کاتێ دەگاتە هەولێر، بەفر ناو گەراژەکەی داپۆشیوە. ئێستا دەگەڕێینەوە لای پرسیاری: چۆن چیرۆکنووس پێمان دەڵێت (ساسە) دەستدرێژیی سێکسیی کراوەتە سەر؟ دیارە هەر لە ڕێگەی سەرما و گەرماوە:

(ئێستا پێڵاوەکانت دادەکەنی... قەیتانیان لە یەکدی گری دەدەیت و وەکو ملوانکە لە ملیان دەکەیت... دەکەونە سەر ئەم مەمک و ئەو مەمکت... لە کاتی هەنگاوناندا دەیانلەرێننەوە... گۆکانیان ئازار دەدەن... قاچەکانت بەتوندی دادەنێیت... مەبەستتە پاشپانی و کەلێنی پەنجەکانت زیاتر گەرمای سەر ئەو شۆستەیە هەڵمژن... ڕێگایەکی باشیشە بۆ کوشتنی ئەو خووروەی ماوەیەکە تەواو پەرێشانی کردوویت... شەوان خەبەرت دەکاتەوە، یاخود لەناو خەیاڵەکانتت دەردەهێنیت... بە چمکی بەتانییە خورییەکە دەیانخورێنیت... تا ئەو ئاستەی سوور سوور هەڵدەگەڕێن... ئەرێ بۆ لەجیاتی هەردوو وشەی سوور سوور، وشەی تۆخ بەکار نەهێنین..؟! یاخود بۆچی نەڵێین برینەکان قووڵتر دەبن..؟! چونکە لەو تاریکییەدا ئاسان نییە ڕەنگەکان ببینی، تا بتوانی لە یەکدییان جیا بکەیتەوە... بەڵام ئەگەر بە زمانی شیعری بیاننووسینەوە، ئەوا دەبێت بڵێین برینداربوونی برین... گۆڕینی ئازاری خوران بۆ ئازاری برین، لە پێشدا فیڵێکە و دوایی دەبێتە چێژ... چێژێکی بێسنوور... پنتکی سوور سووری سەر پێستی سپی، سووک و ئاسان عەزیە گوڵگوڵییە شیفۆنەکەی دایکتت بیر دێنێتەوە... تاقە شتێک بوو فرێی نەدەدا).

(ئا ئێستا پێت خۆشە هەموو جلەکانت لەبەر خۆت داڕنی و بە ڕووتی ئەم ڕێگایە ببڕیت... ئەمە شێوەیەکە لە شێوەکانی بێزوو... چ حاڵەتێکی سەیرە، کاتێ هەست بکەیت بەربەست نەماوە لەنێوان جەستەت و سەرنجی ئەوانی دیدا..!!

.... ئەگەرچی ئێستا هیچ چاوێک نابینی لێت بڕوانێت... بەڵێ، ڕێک لە شێوەی خەونەکان... یان ڕوونتر بڵێین هەموو ئەو شتانە دوور لە ویستی خۆت لەودیوی چاوە بەستراوەکانتدا ڕوو بدەن... ئەوسا گرنگ نییە دەوروبەرەکەت تاریکە، یان ڕووناک... لەسەر پشت پاڵ کەوتوویت، یان لەسەر سک... ماوەی نێوان قاچە ڕووتەکانت چەندە و دەستە تەزیوەکانت بە کام ئاڕاستەدا

# زەمەن لەناو هەموو پرسیارێکدا ئامادەیە، ئینجا ئەو پرسیارە لەبارەی هەر شتێکەوە بێت

درێژ کراون... ئەوەندە بەسە، کە لە ڕێگەی ئەو ئەندامە ڕەق و کرکراگەدارانەی جەستەیان، کە هەر لە کلکی تیمساحی ناو خەونەکانی سەردەمی هەرزەکاری دەچن و بە بۆنی ئارەقەی بنباڵ و سەر سنگیانەوە، یان بە تووکی زبر و هەناسە ماندووەکانیانەوە تێبگەیت، یاخود هەست بکەیت سەرنجەکان نێرینەن...)

سەرنجی ئەوە دەدەین، کە بەشێک لەمانە باسی ناو زیندانن، کەچی چیرۆکنووس لە شێوەی ئێستا، نەک ڕابردوو دەیانگێڕێتەوە. دوای گێڕانەوەی کۆمەڵێک ڕووداوی دیکە، لە منداڵییەوە هەتا گەورەیی، ئینجا بەشێکی دیکەی ئەو زانیارییەمان پێ دەڵێت، بەڵام دیسان بە شێوەکی زۆر تەمومژاوی:

(نەخێر، مەسەلەکە ئەوە نییە پێستەکە تەنکە، یان ئەستوور، ئەوە ئەگەر دوای ئەو هەمووە بێنە و بەرەیە شتێک مابێت بە ناوی پێست، بەڵکو گرنگە لە ناوەوە تۆ هەست بکەیت بە قەدەر شۆستەکە گەرمییت هەڵمژیوە... هەرچۆنێ بێت ئێستا گۆڕانەکان لە بەرهەتاو و بە بەرچاوی خۆتەوە ڕوو دەدەن... ئەوسا لەو تاریکییەدا دوای چەند تەکانێکی ئەو دەعبایە قورسەی سەرت هەستت کرد وا ناوگەڵت تەڕ دەبێت... شلەیەکی مەیلەو خەستی پێدا دەڕژێت... سەرەتا گەرم و دوایی ئاسایی... کاتێ دەڵێم ئاسایی، مەبەستم شیرتێنە... دەنگێک، لەو دەمە دەردەچوو، کە تاوێ لەمەوبەر، لە دۆخێکی مەیلەو چەسپاودا، لچ و لێوتی دەمژی، لەزەت و هەناسەی ماندوویش تەواو گۆڕیبوویان، وتی:

ـکچ بوو..!!

دەنگێکی دی بۆی سەندەوە:

ـبڵێ پیرەکچ بوو، بەڵام باوەڕیش ناکەم.

ـئەها سەیری بکە..!! ئەمە خوێنەکەیەتی..!!

ئەوی دیکەیان بە دەم قاقایەکی بەرزەوە:

ـلەوێ کردوویانە بە کچ، ئەگینا کاتێ لێرە دەرچووە، ژن بووە.

دەنگە ماندووەکە بەردەوام دەیوت:

ـئەمە خوێنەکەیەتی).

## پێوەندیی (ساسە) بە دایک و باوکییەوە:

باوکی (ساسە) فەرمانبەرە و دایکی ژنی ماڵەوەیە، بەڵام خوێندەوارییشی هەیە. وەکو زۆربەی کارەکتەری چیرۆکەکانی (کاروان کاکەسوور) خەڵکی شارن. ئەگەر (شێرزاد حەسەن) توانیبێتی ناو هەولێر بکاتە ژینگەیەکی گرنگ بۆ کارەکتەرەکانی، ئەوە (کاروان کاکەسوور) توانیویەتی دڵەڕاوکێ و ئازارەکانی ئەو ژینگەیە، بە مانا شارستانییەکەی لەو کارەکتەرانەدا بەرجەستە بکات. لێرەدا شوێنیش بە قەدەر کارەکتەر بە فانتازیا کراوە. (ئیسماعیل حەمەئەمین) لەو گفتوگۆیەیدا، کە (توانا ئەمین) لەگەڵیدا کردووە و لە ژمارە ١١٢ی گۆڤاری (رامان)دا بڵاوکراوەتەوە، سەرسامیی خۆی لە ئاستی ستایلی ئەو چیرۆکنووسەدا دەردەبڕێت و دەڵێ: (ئەو شارانەی کاروان کاکەسوور باسیان دەکات، ئەو گەراژی پاس و کۆڵانانەی ئەو کێشاوێتی لە چیرۆک و ڕۆمانەکانیدا، ئەو هەولێرەی ئەو لە نوسینەکانیدا باسی لێوە کردووە، تەواو جیاوازە لە هەقیقەتی شارەکان خۆیان، خۆ ئەگەر نەخشەی شاری هەولێر لە کاروانەوە وەربگرین، ئەئکید بە لە هەولێر ون دەبین، ئەوە هەولێرێکە کاروان دەینەخشێنێت بە گێڕانەوەکانی، نەک ئەو هەولێرەی کە هەیە).

لەگەڵ مێژووی دەرکەوتنی چیرۆک و ڕۆماندا پرسیار لەبارەی زەمەن، کە ڕەگوڕیشەی بۆ فەلسەفەی گریکی دەگەڕێتەوە، قووڵتر دەبێتەوە، بە ڕادەیەک دەکرێت بڵێین گۆڕانکاری بەسەر خودی پرسیارەکەیشدا دێت. واتە لە ئاستی (پرسیار لەبارەی زەمەن)ەوە بۆ ئاستی (پرسیاری زەمەن) دەگۆڕێت



باوک کەسێکی ڕەشبینە. ئەو ڕەشبینییەشی بەندە بەو هەموو هۆشیارییەی لەبارەی ژیانەوە هەیەتی. ئەمە لەپاڵ زانیارییەکی زۆر لەبارەی دۆخی گەردوونەوە. (باوکیشت لە گەرما دەترسا... هاوینان بۆ ڕەشبینترین مرۆڤ دەگۆڕا... شەڕی بە دار و بەرد دەفرۆشت). هەر کاتێکیش وتوویەتی ئەو دنیایە لەناو دەچێت، ئەوا ژنەکەی تووڕە بووە و پێی وتووە:

(_کوا بەسەر ئێمەدا بڕووخایە..!!

_بۆچی ئاوا مۆڕەم لێ دەکەیت..؟! خەتای من چییە... یاسای دووەمی دینامیکای گەرما ئاوا دەڵێت.

_ئینجا من چی لەو کیمیا و فیزیایەی تۆ تێدەگەم..!! هەر ئەوەندە دەزانم تۆ تەنها ئەو کتێبانەت خوێندۆتەوە، کە باس لە وێرانبوونی دنیا دەکەن..... هەموو قسەکانت هەر باسی تۆفان و بوومەلەرزەیە).

دایک لە یەکێک لە قسەکانیدا ئاوا لای (ساسە)ی کچی گلەیی لە مێردەکەی دەکات:

(جارێکیان بەو خوێندەوارییە شڕەی خۆم کتێبەکەم خوێندەوە، دەبینم ئەترەخاسیس بۆ ڕزگارکردنی خەڵک لەو تۆفانە، کەشتییەکی گەورەی دروست کردووە، بەڵام باوکت هەر بەلای ئەوەدا نەدەچوو)

باوک دەنگی ڕابردووە و دایک دەنگی ئێستا و ئایندە، بەڵام هەردوو دەنگە پڕن لە ترس و لە نیگەرانی:

(ئێستا من ئەگەر شتێکت پێت بڵێم، خێرا لێم تووڕە دەبێت... ئەو باوکەی تۆ من چاکی دەناسم ساسە... ئەوەی دەیڵێت، تەنها خۆپەرستییە و هیچی دی... دەمەوێ چاک بزانی ساسە، ئەوە خۆپەرستییە و بڕایەوە... ئەو دەیەوێت دنیا هەر بەو شێوەیە بمێنێتەوە، کە بۆ یەکەمین جار لە گەڕەکی جوولەکان بینیویەتی... تا ئێستاش ئاخ و داخ بۆ ئەو ڕۆژگارە هەڵدەکێشێت، کە بە منداڵی لەگەڵ باوکی مراویی کێوییان لە بناری قەڵات ڕاو کردووە... دەئاخر تەواو..!! وی..!! نە گۆماو ماوە و نە چیتریش قاز و مراوی بە ئاسماندا هەڵدەفڕن... ئەو کاتێ هەست دەکات شتەکان دەگۆڕێن، وا دەزانێت تەمەنی بەسەر دەچێت و......).

### (**ساسە**) و (**سەنیە خان**):

وەکو گوتمان (سەنیە خان) پووری (دڵشاد)ە و لە بەغدا دەژی. ئەو کارەکتەرە ئەگەرچی بە ڕواڵەت سادە دێتە بەرچاو، بەڵام لەناو ئەو سادەییەی خۆیدا خاوەنی فەلسەفەیەکی تایبەتە. ئەگەر ئەو بەشێکی نەزانراوی ژیانی (ساسە)مان بۆ ئاشکرا دەکات، ئەوە (ساسە)یش لە ڕێگەی یادەوەرییەکی تەمومژاوییەوە پێمان دەڵێت، کە (سەنیە خان) لە ڕۆژێکی زۆر سارد و سایەقەدا، هاوسەرەکەی کوژراوە یان لە سێدارە دراوە. ئەرکێکی گرنگی دیکەی ئەو کارەکتەرە ئەوەیە، کە لە ڕێگەیەوە دەزانین (ساسە) لە کوردستان کەسی نەماوە، بۆیە هەردووکیان بەتەمان لە کۆنترین گەڕەکی هەولێردا پێکەوە ژیان بەسەر بەرن. واتە بەشی کۆتایی چیرۆکەکە ئەو دەیگێڕێتەوە، کە ئەمەیش وای کردووە ڕووداوەکان لە دوو گۆشەنیگاوە بە خوێنەر بگەن. ئەمەش هەمان ئەو بیرۆکەیەیە، کە (ساسە)ی چیرۆکنووس لە یەکەمین چیرۆکیدا پێی وایە مادام کۆچ و گەراژ و جانتا دەسەڵاتی ڕەهایان بەسەر شتەکاندا هەیە، ئەوە تەمەن هیچ مانایەکی نییە.

# زەمەن خاڵی هاوبەشی هەموو ڕێبازە فەلسەفییەکانە، بەڵام تێڕوانینەکان بۆ ڕەهەند و کاریگەرییەکانی ئەو زەمەنە جیاوازن

**(ساسە) و زەمەن:**

ئەگەرچی کەم و زۆر باسی زەمەنمان کرد، بەڵام پێویست دەکات بە شێوەیەکی سەربەخۆیش کاریگەرییەکانی ئەو زەمەنە لەسەر بیرکردنەوە و ئەزموونی کارەکتەرەکان، بەتایبەتی لەسەر سایکۆلۆجیی (ساسە)، یاخود (ساماڵ)دا پێشان بدەین.

ئەدەبی گێڕانەوە بەرهەمی دنیای نیگەرانییە، ئەو دنیایەی مرۆڤ جارێک لە خۆی، جارێک لە سرووشت و جارێک لەوانی تر دادەبڕێت و تووشی گەورەترین نامۆیی دەکات. لەگەڵ مێژووی دەرکەوتنی چیرۆک و ڕۆماندا پرسیار لەبارەی زەمەن، کە ڕەگوڕیشەی بۆ فەلسەفەی گریکی دەگەڕێتەوە، قووڵتر دەبێتەوە، بە ڕادەیەک دەکرێت بڵێین گۆڕانکاری بەسەر خودی پرسیارەکەیشدا دێت. واتە لە ئاستی (پرسیار لەبارەی زەمەن)ەوە بۆ ئاستی (پرسیاری زەمەن) دەگۆڕێت، کە ئیتر زەمەن هەر خۆی دەبێتە بەشێک لە پێکهاتەی پرسیار وەک لای (هایدیگەر)دا دەردەکەوێت. زەمەن خاڵی هاوبەشی هەموو ڕێبازە فەلسەفییەکانە، بەڵام تێڕوانینەکان بۆ ڕەهەند و کاریگەرییەکانی ئەو زەمەنە جیاوازن. دەتوانین بڵێین زەمەن لەناو هەموو پرسیارێکدا ئامادەیە، ئینجا ئەو پرسیارە لەبارەی هەر شتێکەوە بێت. بەم شێوەیە شوێنیش شتێکی دابڕاو نییە لە زەمەن، بەڵکو ئەویش دەبێتە چەند هێما و ئاماژەیەک بۆ زەمەن.

لە چیرۆکی (پێداچوونەوەی چیرۆکێکی کۆن) دا زەمەن و شوێن یەک شتن، بۆیە دەکرێت بە (شوێنکات) ناوی بهێنین، ئەو زاراوەیەی (باختین) لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکانیدا بەکاری دەهێنێت. ناونیشانی چیرۆکەکە هەر خۆی ئاماژەیەکە بۆ تێکشکانی زەمەن. کرداری (پێداچوونەوە) لە رووی گرامەرەوە ئەو پرۆسێسەیە، کە زەمەنی خۆی جێ دەهێڵێت و بۆ زەمەنێکی پێشوو دەگەڕێتەوە، بەڵام بە هەمان ئاڕاستە و مەبەست نا، بەڵکو بە مەبەستی گەڕان و دۆزینەوەی ئەو نهێنییانەی بازیان بەسەردا هەڵدراوە، بۆیە ئەو پرۆسێسە تەنیا لە ڕێگەی دڵەڕاوکێیەوە پراکتیزە دەکرێت. بەڵام ئایا ئەو زەمەنەی پێشوو وەک خۆی ماوەتەوە، تاکو پێی بگەینەوە؟ ئەمەیە ئیشکالییەتەکە. وەک پێشتریش گوتمان ئێمە دوو چیرۆکمان هەیە، یەکەمیان (ساسە) نووسیوەتی و کارەکتەرەکەی ئەو لە ڕۆژێکی ناوەڕاستی زستان لە گەراژ دادەبەزێت، کە بەفر هەموو شتێکی داپۆشیوە، بەڵام (ساسە) خۆی دوای سیودوو ساڵ لە گەرمترین ڕۆژ گەیشتووەتەوە شاری خۆی. دەیەوێت لەو گەراژە داخبووەوە بۆ گەراژە بەستەڵەکە بچێت وەک بیەوێت باوەڕ بە خۆی بهێنێت، کە دەکرێت مرۆڤ لە ڕێگای خەیاڵەوە هەموو ئەو زەمەنانە بگەڕێنێتەوە ناو زەمەنی ئێستا، کە بەسەر چوون. واتە ساردترین ڕۆژی زستان و گەرمترین ڕۆژی هاوین لە یەک کاتدا تێکەڵی یەکتر بکات، بەڵام ئەو بەیەکگەیشتنەوەیە هەرگیز ڕوو نادات، کە ئەمە گەورەترین نیگەرانی و ڕەشبینیی لێ دەکەوێتەوە. دەڵێت: (لەگەڵ ونبوونی ئەو ساڵانەدا چەندین شوێنیش سڕاونەتەوە). ئەو کاتێ چیرۆکەکەی نووسیوە و ژنێکی سەرووی پەنجای کردووەتە کارەکتەر، خۆی تەمەنی هەژدە ساڵ بووە: ( ویستی بیگۆڕێت... تەمەنی تا ئاستی تەمەنی خۆی بچووک بکاتەوە... هەژدە ساڵ... خێرا پەشیمان بووەوە... لە گەراژدا تەمەن

کرداری (پێداچوونەوە) لە رووی گرامەرەوە ئەو پرۆسێسەیە، کە زەمەنی خۆی جێ دەهێڵێت و بۆ زەمەنێکی پێشوو دەگەڕێتەوە، بەڵام بە هەمان ئاڕاستە و مەبەست نا، بەڵکو بە مەبەستی گەڕان و دۆزینەوەی ئەو نهێنییانەی بازیان بەسەردا هەڵدراوە، بۆیە ئەو پرۆسێسە تەنیا لە ڕێگەی دڵەڕاوکێیەوە پراکتیزە دەکرێت



مەسەلەیەک نییە... زەحمەتە بزانیت کات خێرا یان سست تێدەپەڕێت... ڕەنگە هەر تێنەپەڕێت... لەوێ شتەکان لە جووڵەیەکی سەیردان...... ئێستا هەمان تەمەنی ئەوت هەیە... شتێک کەمتر شتێک زیاتر).

(ساسە) لەگەڵ ئەوەیشدا دەزانێت ئەو بەیەککەیشتنە مەحاڵە ڕوو بدات، مادام کات هیچ شتێک وەک خۆی ناهێڵێتەوە، وەک دەڵێت: (ڕەنگە ئەمە کەم و زۆر لە سەردانی مردوو بچێت)، بەڵام هێشتا هەر سوورە لەسەر ئەوەی بە کارەکتەرەکەی خۆی بگاتەوە. کارەکتەری چیرۆکەکەیشی لە سەفەرەکانیدا وای زانیوە بە دوای مردوودا دەگەڕێت. ئەمە تێڕوانینێکی (هایدگەرییانە)یە بۆ زەمەن، کە پێی وایە زەمەنێک لەسەر لاشەی زەمەنێکی تر لەدایک دەبێت. ئەوە وا دەکات مرۆڤ ڕابردووی خۆی لێ ون ببێت، بەتایبەتی لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا.

با لەو ڕووەوە سەرنج لە ونبوونی باوکی کارەکتەرەکەی (ساسە) بدەین: (هەردوو تاکی دۆڵابە ساجەکەی دەخستە سەر پشت: ئەوە قاتە ڕەشەکەیەتی... کراسی سپیی لەژێرەوە پۆشیوە... بۆینباغی سووری هەناریی لەسەر بەستووە... پێڵاوە جەرگییەکانی دەدرەوشێنەوە... تۆ بڵێی بەڕووتی ماڵی جێ هێشتبێت...؟! چ کۆتاییەکی سەیری بۆ ژیانی داناوە...!! ئێستا ئەو جلوبەرگانە بە هەموو سادەییی خۆیانەوە لە گۆڕ دەچن... یاخود بە لایەکی تردا دەتوانین بڵێین پێشتر مرۆڤێک لەناویاندا بوونی هەبووە... دەشێ ئەمەیش فێڵێک بێت لە زەمەن...).

(کاروان) یەکێکە لەو نووسەرە دەگمەنانەی، کە بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکانیان پێویستمان بەوەیە لەناو فەلسەفەدا بۆ سەرچاوەی بیرۆکەکانیان بگەڕێین. ئەم چیرۆکەی یەکێکە لە نموونە زەقەکانی. تەنیا ئەو پەرەگرافەی سەرەوە ئەوە هەڵدەگرێت خوێندنەوەیەکی قووڵی بۆ بکرێت. پرسیاری زەمەن بە شێوەیەک لای (ساسە)دا زەق بووەتەوە، گەیشتووەتە ئەوەی (دڵشاد)ی پوورزای، کە کەسێکی مارکسییە و لە منداڵییەوە پێکەوە گەورە بوون، نارەزایی دەربرێت و بڵێت: (زەمەنیش لای تۆ مانایەکی مێتافیزیکیی هەیە... گەراژێک لە سەری ساڵ دەیبەستێت... ئاشکرایە بۆ لەو هەموو شوێنە گەراژت هەڵبژاردووە و دەزانم مەبەستیشت لە سەری ساڵ چییە... ئەوە واز لەوە بێنە خۆت ناوی کۆتاییی ساڵی لێ دەنێیت... هەرچی مرۆڤ و ئۆتۆمۆبیل و گیانلەبەر هەن، لەپڕ لەوێ لە جووڵە دەکەون... توانەوەیشت داوەتە دەست قەدەر... لەولاوە هاتوویت باسی بۆق و مار و نازانم چی و چیمان بۆ دەکەیت، بۆ ئەوەی پێشانمان بدەیت، کە مرۆڤیش وەکو ئەوانە......).

بە بڕوای (هایدیگەر) پێوەندییەکی بێسنوور لەنێوان کەینونە Being و زەمان Timeدا هەیە، بەوەی هەر یەکەیان بەردەوام شوێنی ئەوی تریان دەگرێتەوە. (بوون)ی مرۆڤ لەناو ئەو پێوەندییەدا هەمیشە دەکەوێتە بەر مەترسی، ئەو مەترسییەی وا خۆی لە ئایندەدا حەشار داوە. ئەو مرۆڤە نیگەرانەی لەناو عەدەمدا بەردەوام لە چاوەڕێی ئەو ئاییندەیەدایە. ئەو ئایندەیەش تەنیا مەرگە. ئەو بۆچوونە بە ڕوونی لەم تێکستەدا ڕەنگی داوەتەوە، کە لەژێر زەبری زەمەندا بووەتە دەیان پارچەی ورد ورد، کە دەبێت خوێنەر بە وریایی ئەو پارچانە پێکەوە بلکێنێتەوە. نووسەر زۆر بە خێرایی لەسەر

دیمەنێکەوە بۆ سەر یەکێکی دیکە باز هەڵدەدات، بەڵام هەمیشە وێنەیەکی هاوبەش لەنێوان ئەو پارچانەدا دەدۆزێتەوە. ئەو پارچەپارچەبوونە ڕەنگدانەوەی ترس و نیگەرانییەی کارەکتەرەکانە. ئەوان بەهۆی ئەو ترس و نیگەرانییەوە کۆمەڵێک هێز لەناوەوە و دەرەوەی خۆیاندا هەست پێ دەکەن و ناتوانن ئاسوودە وەک کەسانی ئاسایی بژین. ئەمەیش ئەنجامی ئەو هۆشیارییەیە، کە لە ڕێگەی نیگەرانییەوە بەدی دێت و ئەوان بە شێوەیەک لە شێوەکان چێژی لێ دەبینن، چونکە بوونی ڕاستەقینەی خۆیانی تێدا دەدۆزنەوە. ئەوەتا دەڵێت: (ناتەوێت ئەو نەشئەیەی گەرما پێی بەخشیویت، لێت جیا ببێتەوە... لە لایەکی تر پێت خۆشە وەک تۆپەڵێک ئاگر بچیتە ناو ئەو گەراژە بەستەڵەکەوە...). لەناو ئەو بەفرەدا هەندێک سیمای پێچەوانە پێشان دەدات وەک دیمەنی مریشکە برژاوەکان لەبەردەمی ڕێستۆرانتەکەدا: (مریشکە سوورەکان دەستی یەکتریان گرتووە و لەناو فرنە لاکێشەییەکەی بەردەرگا لەسەر ڕێتمێکی چەسپاو سەما دەکەن). ئەو دیمەنە زوو زوو پێشان دەدرێتەوە، کە تەکنیکی سینەمایە و (کاروان) لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا بەکاری دەهێنێت. لە لایەکی تر کاریگەریی ئەو زەمەنە لەسەر خێراکردنی زمانیشدا دەردەکەوێت وەک دەبینین ڕستەکان ڕێتمێکی خێرایان هەیە. با سەرنج لە دەستپێکی چیرۆکەکە بدەین: (لە گەراژ دابەزی... ئەو یەکەمین کەس نییە لە گەراژ دادەبەزێت... مەبەست ئەوەیە لە چیرۆک و ڕۆماندا یەکەمین کەس نییە لە گەراژ دادەبەزێت، دەنا لە واقیعدا ڕۆژانە، تۆ بڵێ لە هەر ساتێکدا، بێشومار خەڵک لە گەراژەکان دادەبەزن... هێندە ئاسایی دادەبەزن، بە ڕادەیەک هیچ سەرنج و تێبینییەکی تایبەت هەڵناگرن... دێن و دەڕۆن... سەر دەکەون و دادەبەزن... جانتاکان دادەگرن و سەریان دەخەن... کۆمەڵی جووڵەی ڕۆتینن، یان میکانیکین... هەندێجار بێمانان... نەخێر، ئەو بە کەمێک جیاوازی، وەک کارەکتەری ئەو چیرۆکە لە گەراژ دابەزی، کە سیودوو ساڵ پێش ئەمڕۆ بۆ یەکەمینجار لەسەر مێزێکی فۆرمیکای کۆندا نووسی...).

دواجار (ساسە) وێنەی کارەکتەرەکەی لەناو ئەو زەمەنەی نێوان (گەراجە داخبووەکە) و (گەراجە بەستەڵەکەکە)دا گوم دەبێت و گێڕانەوەکە دەکەوێتە دەست (سەنیە خان)، کە تەمەنی گەیشتووەتە سەرووی هەشتا. بە کورسییەکی چەرخەدار بەسەر ئەو شەقامەدا دەڕوات و بە دوایدا دەگەڕێت. ئەمەیش ئاماژەیەکی دیکەیە بە کاریگەریی زەمەن لەسەر گۆڕینی مرۆڤ لە ڕووی سایکۆلۆجی و بایۆلۆجییەوە.

**دوو تێبینی:**

یەکەم: چیرۆکی (پێداچوونەوەی چیرۆکێکی کۆن)، یەکێکە لە چیرۆکەکانی کۆمەڵەی (خەونامەی دادە سۆزی)ی (کاروان عومەر کاکەسوور)، کە گۆڤاری ئایندە چاپی کردووە.

دووەم: پێشتر بەشێکی ئەو بەرهەمەم لە گۆڤاری (هەنار)دا بە ناوێکی خوازراوەوە بڵاوکردبووەوە، کە دوای ئەوەی پێیدا چوومەوە و بەشێکی دیکەم بۆی زیاد کرد، بە پێویستم زانی دووبارە بیخەمەوە بەرچاوی خوێنەر.